# هزری شێواندن یا لەکەدارکردن!

یاسین بانیخێلانی

## ئەم بابەتە بۆچی؟

ماوەیەکی زۆرە لەسەر سایتە کوردییەکان نووسراوی جۆراو جۆر بڵاودەکرێنەوە، کە دەشێت هەریەکێك لەو نووسراوانە جێگەی خوێندنەوەو قسەلێکردن بێت، بەڵام ئەوەی من لێرەدا مەبەستمە هەندێك قسەی سادەو ڕۆژانەیە، کە ناویان ناوە (نووسین)!. بۆیە دەڵێم: قسەو ناڵێم نووسین: چونکە هڵۆڵن لە سادەترین پرنسیپەکانی نووسین، جگە لەمەش لە ڕووی دارشتن و ڕێزمانەوە، کە سەرەکیترین کەرەستەی نووسینە ئەوەندە لاوازە، بە ئاستەم خوێنەر ڕستەیەکی ڕاستی بۆ دەخوێندرێتەوە، کە لەخوارەوە نموونەیان باسدەکەم. هەندێکی تر لەو قسانە تەنانەت لە ڕووی مۆراڵی نووسینیشەوە نیازپاکییان پێوە دیار نییەو زیاتر بەمەبەستی سوکایەتی پێکردن و لەکەدارکردنی ئەو کەسانەیە، کە لە بواری نووسین بەتایبەتی و ڕۆشنبیریی بەگشتیدا ڕۆڵی بەرچاویان هەیەو بەو پەڕی دڵسۆزییەوە دەیانەوێت خزمەت بە ڕۆشنبیریی بکەن. دەشێت بە شێوەیەك لە شێوەکان ئەو جۆرە مرۆڤانە وەك (زارو) ناوببەین، چونکە لەسەر خوێنی کەسانیتر دەژین و چ لەگۆمی ڕوون و چ لەلیخندا مەلەی خۆیان دەکەن، بەڵام ئەوەی جێگای سەیرە، وەك هەر ئەخلاقێکی ڕۆژنامەگەری نەدەبوایە سایتە کوردییەکان زەمینەیان بۆ ئەو جۆرە کەسانە خۆشبکردبایەت تا هەموورق و کینەی خۆیان بەسەر کەسانی تردا قلب بکەنەوە بۆ ناو زڕاندنیان و لەکەدارکردنی کەسایەتییان؟!. ڕەنگە لە بێماناترین وەڵامدا، بڵێن: ئێمە بڕوامان بە دیموکراسی و ئازادی ڕادەربڕین هەیە! ئەم جۆرە وەڵامانە لەوە دڵنیامان دەکات، کە ئەو کەسانە نەك لە سادەترین پێناسەی ئەو چەمکانە تێنەگەیشتوون، بەڵکو تەنها وەك زاراوەیەکی بێمانا بەکاری دەهێنن، چونکە ئازادی بە چەمکە گشتییەکەی، هەڵگری ئەو مانایانە نییە، لەبەر ئەوەی ئازادی هەیە دەبێت ماف و کەرامەتی خەڵکی تر بڕوشێنیت و هێرشی بێبناغەو بەڵگە بکەیتە سەر کەسانی تر یا هەر بەناوی ئازادییەوە ماف وئازادی کەسانی تر زەوت بکەیت، بەڵکو لە سادەترین پێناسەی ئازادیدا ڕێزگرتنە لە هەموو ماف و بەهامرۆڤایەتییەکانی یەکتر، کە ڕادەربڕین یەکێکە لەوانە.

دیارە ئەم قسانەی من بۆ سایتە کوردییەکان گلەیی نییە، بەڵکو ڕەخنەیەکی تا سەر ئێسقان ڕوخێنەرە بۆ کۆتایی هێنان بەو کارە دزێوانەی لەڕێگای کەناڵەکانی نووسینەوە دەکرێن یا سایتەکان دەبنە کەناڵێك بۆ هێرش و سوکایەتی بەناوی نووسینەوە بەکەسانی تر، بۆ ئەوەی ئێمە پێش هەموو شتێك فێری زمانی دایەلۆگ بین و لەو ڕێگایەشەوە فێری زمانی ڕەخنە نەك هێرش و تانە ببین، چونکە ڕەخنە ئەو وشە بێماناو ناو بۆشە نییە هەندێ کەس ناویان لێناوە، بەڵکو ڕەخنە زاراوەیەکی مەعریفییە، هەر بۆیە کارەکانی خۆی لەسەر مەعریفە دەکات نەك قسەی بازاڕو چایخانە. گوتاری ڕەخنەیی ئەو گوتارە نییە لەسەر جەستەی نووسەر کاربکات و بەشوێن خوێندنەوەی کەسایەتی نووسەردا وێڵ بێت، بەڵکو گوتاری ڕەخنە لە دوای مردنی نووسەرو لەدایك بوونی دەقەوە خۆی بۆ ناو قووڵایی ڕۆحی ئەو دەقە شۆڕدەکاتەوە تا مانا نادیارو شاراوەکانمان بۆ بدۆزێتەوە، ڕەخنە بریتییە نییە لە هێرشکردنە سەر نووسەرو گەڕان بەدوای نهێنی کەسایەتی و بیرو بۆچوونی تایبەتی نووسەر، بەڵکو گەڕانێکی بێهودەیە بەدوای ئەو مانا نادیارانەی، کە کەسانی ئاسایی نایبینن، بۆیەهەمیشە گوتراوە: (ڕەخنەگر نووسەری دووەمە). دەشێت لە ودیو هەر دەقێکەوە، چەند دەقێکی تر خۆی حەشاردابێت، بۆیە ڕەخنەگر دەبێت بە دوای دۆزینەوەی ئەو دەقانەدا بگەڕێت نەك نووسەر. ئاخر ئەگەر مرۆڤێکیش لەم ئاستەدا هێندە لاواز بێت نەتوانێت خوێندنەوەیەکی مەعریفییانە بۆ دەقێك بکات، بۆ بێدەنگ نابێت و واز لە پەلاماردانی کەسایەتی نووسەر ناهێنێت.

زۆرن ئەوانەی بەناوی ڕەخنەو کاری ڕۆشنبیرییەوە لە جیهانی ڕاگەیاندن و بڵاوکردنەوەی کوردیدا دەیانەوێت ئایدۆلۆژی سواوو تەقلیدی بە نرخێکی نوێ بە ئێمە بفرۆشنەوە یا وەك هەر سیاسییەکی خەڵەفاو داوای هەڵوێستمان لێبکەن، بۆ ئەوەی بۆنلو گەمە دۆڕاوەکانی خۆیان ڕامان بکێشن، لەکاتێکدا نەك خاوەنی قسە\بۆچوونێکی نوێ نین، بەڵکو لەکەسانێك دەچن پاش خەوێکی قوڵو درێژخایەن بەئاگا هاتبن!.

### ڕاستەوخۆ چوونە ژوورەوە

ئەوەی لێرەدا بەتەواوەتی بۆ ئەم نووسینە هانیدام ئەو هەموو قسە بێئاست و بێناوەڕۆکانە بەگشتی و ئەو قسانەی (نزار ئاگری) بەتایبەتی بوون، کە سەرەتا لە هەفتەنامەی (المؤتمر-ژمارە-307 15/21.6.2002) و هاوکات لە سایتی (www.amude.de) و پاشان لەلایەن (حەمید کەشکۆڵی)یەوە کرا بەکوردی و ڕۆژی 20.6.2002لە سایتی (www.kurdistannet.org) ڕۆژی25.6.2002 لە سایتی (www.nuserikurd.com) بڵاوکرایەوە، کە گومانم نییە بۆ شوێنی تریش نەنێردرا بێت وبڵاویش نەکرێتەوە.

بابەتەکەی نزار ئاگری لە ژێرناوی (فی الخلگه الآیدیولوجیه.هل یصبح الشعر شتیمه)؟، کە کەشکۆڵی وای وەرگێڕاوە: ( لەنێو هەرای ئیدیولوژیدا..شیعر دەبێتە جنێو)؟.

پێش ئەوەی وەڵامی ئاگری بدەمەوە، ناهێڵم ڕەخنەکانم بەسەر کەشکۆڵیدا بازبدات، چونکە هەرکەسێك لە زمانی عارەبی و کوردیدا شارەزایی هەبێت، ئەوا هەر لەناوی شیعرەکەوە تێدەگات، کە چەنێك توانای بەسەر وەرگێڕاندا دەشکێت، سەرەڕای ئەوەی خوێنەری کورد بە ئاستەم دەتوانێت ڕستەیەکی دروست لە وەرگێڕانەکەیدا بدۆزێتەوە!. زمانی ئەو وەرگێڕانە ئەوەندە لە ڕووی زمانەوانییەوە لە ئاستێکی نزمدایە تەنانەت مرۆڤ شەرم لە خوێندنەوەی دەکات، ئەڵبەتە کاتێك ئەم قسانە دەکەم هەموو هەڵەیەکی چاپیشم لەبەرچاو گرتووە. بۆیە باشتر وایە، ئەگەر کەشکۆڵی دەخوازێت لەبواری نووسین و وەرگێڕاندا کار بکات، پێویستە پێش هەموو شتێك خۆی فێری ڕاستنووسی کوردی بکات.

ئەوەی لای من زۆر سەرنج ڕاکێش بوو، زیاتریش بووە هاندانی ئەم نووسینە ئەو پێشەکییەی کەشکۆڵی بوو بۆ بە ناو (داهێنان)ە مەزنەکەی ئاگری.

کەشکۆڵی دەڵێ: (سەیدا نزار ئاگری وتاریکی ڕەخنەگرانەی زۆر گرنگی لە هەفتەنامەی "المؤتمر"ی ژمارە..هتد) نووسیوە. بەم شێوەش کۆتایی پێدێنێت: (منیش بە پێویستم زانی وەری بگێرمەوە سەر کوردی بۆ ئاگادارکردنی خوێنەرەوەی کوردو ووروژاندنی ئەم باسە هەرە گرنگە). هەر کەسێك ئەم دێڕەی کەشکۆڵی بخوێنێتەوە بۆ گەواهی قسەکانی سەرەوەم، دەستڕەنگینی کەشکۆڵی لە زمانی کوردیدا بۆ دەردەکەوێت!.

من لەو نهێنییە تێناگەم، کاتێك کەشکۆڵی ئەو قسە نازانستی و بێبناغەیانەی ئاگری، کە سەرەتاییترین پرنسیپی ڕەخنەی هاوچەرخی پێوە دیار نییە بە (وتارێکی رەخنەگرانەی زۆر گرنگ) ناو دەبات؟!. تۆ بڵێی: کەشکۆڵی بابەتی لەوە جوانتری لە بواری ڕەخنەی ئەدەبیدا چاوپێکەوتبێت؟. ئەگینا کەسێك یەك گەرد لە بواری ڕەخنەی ئەدەبیدا شارەزایی هەبێت، بابەتێکی وا بێبناغەو نا زانستی، بە ڕەخنەی گرنگ هەڵناسەنگێنێت، ئەگەر مەسەلەکەش وەك لەناوەڕۆکی قسەکانیدا بەشەرمەوە پێمان دەڵێت: خزمەت بێت، ئەوا ئەوەندە بابەتی زۆرو زەبەند لە بواری ڕەخنەی ئەدەبیدا بەگشتی و هەڵسەنگاندنی شیعر بەتایبەتی بە زمانی عارەبی و لەسەرچاوەی جیاوازەوە هەیە، کە کەشکۆڵی و نمونەکانی کەشکۆڵی لەسەر وەرگێڕانیان پەکیان نەکەوێت، بەڵام دیارە مەسەلەکە ئەوەندە نیاز پاکی تێدا نییە، کە مرۆڤ دەستخۆشییان لێبکات، ئەگینا کەشکۆڵی یەك گەرد لە بوارەکانی ڕەخنەی ئەدەبیدا بە تایبەتی قوتابخانە ڕەخنەییەکانی وەك: (فۆرمالیستەکان Formalismusی ڕوسیا، ستروکتورالیزم Strukturalismus، پۆستستروکتورالیزم Poststrukturalismus، ناتورالیزم Naturalismus ئێکسپرێسیۆنیزم Expressionismus مۆدێرنە Moderne و پۆستمۆدێرنە Postmoderne) شارەزای هەبوایەت قەت بابەتێکی لەو شێوەی ئاگری نەك وەك وتارێکی ڕەخنەیی گرنگ، بەڵکو وەك نووسینێکی بابەتیش تەماشا نەدەکرد، بەڵام دیارە کەشکۆڵیش هاوڕای ئاگرییەو دەیانەوێت لە ڕێگای ئەدەبەوە ڕق و کینەی خۆیان بە سەر پەشێودا قڵپبکەنەوە، یا دەنگی خۆیان بەو جێگەی مەبەستە بگەیەنن.

### ئاگری وڕەخنەی ئەدەبی

بە ڕاستی ئەو بابەتەی ئاگری هێندە بێسەروبەرو بێبناغەیە مرۆڤ نازانێت، چۆن و لەکوێوە دەست پێبکات؟ چونکە ئەو وەك لە نووسینەکەیدا بەدەردەکەوێت، کەمتر بەلای دەقی شیعرو خوێندنەوەی شیعرەکانی پەشێودا چووە، ئەگەرچی بۆ چاوبەستکردنی خوێنەر چوار کۆپلە شیعری بەناوی پەشێوەوە هێناوەتە، کە گوایە لە دیوانی (براکوژی) وەریگرتووە، کە پاشتر دێمەوە سەریان.

ڕەخنەگر کاتێك دەیەوێت دەقێکی ئەدەبی بخوێنێتەوە، پێویستە هەموو ئەو لایەن و خەسڵەتانەی پێکهاتەی ئەو دەقەن بەتایبەتیش شیعر فەرامۆش نەکات، بە هەموو وێنە جوان و ناشیرینەکانییەوە، هەر لە فۆرمەوە بگرە تا مۆسیقاو وێنە، بەڵام ئەوەی ئەو (بەناو ڕەخنەی) ئاگری بخوێنێتەوە هەست بە نائامادەیی و بێدەسەڵاتی ئاگری لەو بوارەدا دەکات، چونکە قسەکردن و خوێندنەوە لەهەریەکێك لەو پێکهاتانە پێویستی بە نمونەگەلێکن لەناو خودی دەقەکەوە، ئەمەش لەو نووسینەی ئاگریدا بۆ دەرمانیش بەرچاو ناکەون، جگە لە کۆمەڵێك هوتافی سیاسی تەقلیدی و هێرش بۆ سەر کەسایەتی شاعیر نەبێت. ئەڵبەتە لێرەدا بۆ ڕوونکردنەوەی خوێنەر بە هیچ شێوەیەك نامەوێت بەرگری لە پەشێو بکەم، ئەوەندەی دەمەوێت بەرگری لە دەقی ئەدەبی بکەم، چونکە دەشێت من و پەشێو لە ڕووی ئایدۆلۆژییەوە دوو بیروڕای جیاوازمان هەبێت، لەگەڵ ئەمەشدا مانای ئەوە نییە من لەبواری ڕەخنەی ئەدەبیدا هیچ ڕەخنەیەکم لە شیعرەکانی پەشێو نەبێت، پێشم وایە بۆ پەشێو خۆیشی ئەو شیعرانەی بۆ شەڕی کوردکوژی نووسیونی تا ڕادەیەك بە هەڵوێست دەزانێت تا دەقی شیعری بۆیە دەشێت ئەو شیعرانە (بەهەڵوێستە شیعر) ناو ببرێن هەروەکو چۆن ڕۆژنامەی برایەتی ڕۆژی13.6.1994 دەنووسێت: (پەشێو بە هەڵوێستە شیعر لەبراکوژی و شانیشتیمان دەدوێ) هەروەها ڕۆژنامەی ڕێگای کوردستان ژمارە112 ڕۆژی21.6.1994 دەنووسێت: (عەبدوڵا پەشێو شاعیری گەل، بە هەڵوێستە هەڵبەست نەفرەت لە شەڕی براکوژی و شەڕخوازان دەکات). ڕەنگە ئەوەی (ئاگری) ئازار دابێت ئەم هەڵوێستەی پەشێو بێت، چونکە ئەویش وەك ئەو بازرگانانەی شەڕ بەرهەمیان دەهێنێت، دەشێت یەکێك بوویێت لێیان!چونکە بازرگانی و بەرژەوەندی ئەو جۆرە کەسانە لەسەر خوێن و سوتانی خەڵك و برسێتی و وێرانکارییە، کەچی ڕەخنەی ئەوەی لە پەشێو هەیە، کە بەتەنها دژی کورد کوژییەو تەنها (کورد کوژی تاوانە، ئەگینا کەسانی تر نا). دیارە ئەم قسانەی ئاگری هەموو کەس دەزانێت لەکوێوە سەرچاوە دەگرن، ئەگینا کەسێك تەنانەت لەتاریکترن و دواکەوتووترین قوژبنی ئەم دونیایەشدا بژی، ئایا دژی شەڕو مرۆڤ کوشتن نییە؟! یا دەیەوێت بە بێ هیچ بەڵگەیەك خەڵکانی تر بەدوژمنی مرۆڤ تاوانبار بکات، ئاخر ئەگەر مەسەلەش هەڵوێست وەرگرتن لەبەرامبەر شەڕ بەگشتی و براکوژی بەتایبەتیدا بێت، با ئاگری هیچ نەبێت وەك نمونەو بۆ بەڵگە لە نووسینەکانی داهاتوویدا ئەدەبیاتی ڕۆم، یۆنانی و ئیسپانی سەردەمی شەڕی ناوخۆ بخوێنێتەوە.

ئاگری پێی وایە: پەشێو (هەموو قسەکانی سوکایەتی و بێحورمەتییە و تا بڵێی: دادەبەزێتە ئاستی قسەی بازاڕی)* هەروەها دەڵێ: (بەقسەی زل و خۆدەرخستن و خۆفشکردنەوە پەشێو وویستی زیاتر بڕوات)*. ئەمە ئەو زمانی ڕەخنەی مۆدێرنەیە، کە نزار ئاگری دایهێناوەو کەشکۆڵیش مەیل (معجب)ێتی. جارێك پێش هەموو شتێك ڕەخنە پێویستی بە ئاستی زمان پاکی و بەرزییە، لەگەڵ ئەوەشدا ڕەخنە بە بێ بەڵگە ناچێتە خانەی ڕەخنەوە، بۆیە دەبوایەت بۆ دڵنیاکردنی خوێنەر چەند نمونەیەکی لە شیعرەکانی پەشێو بهانیبایەتەوە وەك گەواهی. ئەگەرچی چەند نمونەیەکی شیعری بەناوی (براکوژی) پەشێو هێناوەتەوە، بە بێ دەستنیشانکردنی قۆناغ و مێژووەکانیان.

خائن من يقول ان النمل والقمح
صديقان
خائن من يقول ان اليد والابرة
صديقان
خائن من يقول ان الحبل والرقبة
صديقان

واتە:
خائینە ئەوەی ئەڵێت مێروولەو گەنم هاوڕێن
خائینە ئەوەی ئەڵێت دەست و دەرزی هاوڕێن
خائینە ئەوەی ئەڵێت پەت ومل هاوڕێن

ئەمەش شیعرەکەی پەشێوە، کە لە ساڵی 2000 لە دیوانی بروسکە چاندندا نووسیویەتی و هیچ پەیوەندییەکی بە دیوانی براکوژی پەشێوەوە نییە.

قەحبەن ئەوانەی پێم دەڵێن:
دان و مێروو برای یەکن.
قەحبەن ئەوانەی پێم دەڵێن:
خوێن و زێرو برای یەکن
قەحبەن ئەوانەی پێم دەڵێن:
ماسی و چەنگاڵ
مشك و جەواڵ
دەست وچزوو برای یەکن
قەحبەن ئەوانەی پێم دەڵێن:
پەت و گەردن،
گوێزان و موو برای یەکن.

لەگەڵ ئەوەی ئاگری نەك هەر شیعرەکەی شێواندووە، بەڵکو بە ڕاستگۆییش شیعرەکەی بڵاونەکردۆتەوەو سەرچاوەکەی دەستنیشان نەکردووە، کە مێژووی نووسینی ئەو شیعرە لەگەڵ دیوانی براکوژی جیاوازییان هەیە، واتە ئەگەر مرۆڤ لەڕوانگەی دەقی ئەدەبییشەوە نەڕوانێتە دەق و لە ڕوانگەیەکی سیاسییەوە وەك ئاگری تەماشای بکات، ئەوا گرنگترین خاڵ دەستنیشانکردنی مێژووی ئەو قۆناغەیە، کە ئەو دەقەی تیا لەدایك بووە، بۆ ئەم مەبەستەش هیچ کەسێك ناتوانێت خوێندنەوەیەکی ڕەخنەییانە لەسەر ڕۆمانی (براکوژی) (نیکۆس کازانتساکی Nikos Kazantzakis) هەبێت بە بێ خوێندنەوەیەکی ئەو قۆناغەی شەڕی ناوخۆ لە نێوان کۆمونیست و مەسیحییەکانی یۆناندا هەبوو. بەڵام ئاگری بەشاردنەوەی ئەمانە لە ئێمە دەیەوێت ئەو پەیامەی هەیەتی و مەبەستێتی بە خوێنەری بگەیەنێت. هەروەها ئەگەر خوێنەر لەو شیعرەی پەشێو بڕوانێت، هەست بە ناکۆکی دایەلۆگ دەکات، چونکە ئەمە شێوازێکە لەو شێوازە نوێیانە، ئەدەبی نوێ پشتی پێدەبەست. بەڵام ئاگری دیارە بە هۆشیارییەوە ویستوویەتی شیعرەکەو هزری پەشێو بشێوێنێت، بۆیە وشەی قەحبە بە (خائین) وەردەگێڕێ، ئەڵبەتە قەحبەش لە چەمکی ڕۆژهەڵاتیدا تەنها بۆ ئافرەت بەکاردێت وەك هەڵگری شەرەف و ڕەوشتی بنەماڵەو خێزان، هەر بۆیە بەم بۆنەشەوە پەشێو بە عەقڵی بنەماڵەو خێڵ و نێرایەتی تاوانبار دەکات. بەڵام لەڕاستیدا قەحبە زاراوەیەکە لە کاتێکدا بەکاردێت، کە مرۆڤ لە حاڵەتێکی دەروونی ئەوەندە ئاڵۆزو دژواردا دەژی هەست دەکات ئیتر هیچ چەمك و زاراوەیەك ناتوانن ماناکانی خۆیان بپێکن! لە ڕوویەکی تریشەوە بێردنادشۆ دەڵێ: (ئەگەر ئافرەت داکەوت، ئەوا دەبێت بە قەحبە، ئەگەر پیاو داکەوت دەبێت بە پۆلیس) کەواتە چەمکی قەحبە چەمکێکە بۆ هەریەکێك چ نێرچ مێ بێت ئەو مانایە دەگەیەنێت، کە لە سەرجەم مانا ئەخلاقی و مرۆڤایەتییەکانی خۆی دادەکەوێت تا ئەو ئاستەی بیانفرۆشێت، دەشێت وشەی قەحبە بۆ سەرکردەیەك بەکار بهێنرێت، کاتێك هەموو بەها ئەخلاقی و مرۆڤایەتییەکانی گەلێك بفرۆشێت، وەك ئەو ئافرەتەی هەموو بەهایەکی ئەخلاقی و مرۆڤانەی خۆی دەفرۆشێت، ئیتر هۆکارەکان چین؟ ئەوا ئاگری دەتوانێت وەڵامیان بداتەوە!.

نمونەیەکی تری ئەو شیعرانەی ئاگری بە نمونە هێناویەتییەوە ئەمەیە:

امي الحنونة
حذار
ما يعطونك
هو سم، سم، سم

واتە:
دایکی میهرەبان
ئاگاداربە
ئەوەی ئەتدەنێ
ئەوە ژەهرە، ژەهرە، ژەهر

کە لە ڕاستیدا شیعرەکە ئاوایە:
شەکرە شارە خامۆشەکەم،
چۆپی کێشە ڕەشپۆشەکەم،
دایکەکەم، جگەرگۆشەکەم
وریابە! ئەوەی دەتدەنێ
ژاراوە، ژاراوە، ژاراو

کەچی ئاگری لەگەڵ شێواندنی شیعرەکەدا، کە ئاماژەی بۆ هیچ سەرچاوەیەك نەکردووە، پەشێو بەوە تاوانبار دەکات، کە خاوەن عەقڵێکی باوکسالارییە، بۆیە بە پێویستی دەزانم چەند دێڕێك لەسەر باوکسالاری(Patriarchat) بنووسم:

پێش هەموو شتێك باوکسالاری عەقڵییەت نییە، بەڵکو دەسەڵاتە،واتە شتێك نییە بەناوی عەقڵییەتی باوکسالاری، بەڵکو زاراوەیەك هەیە بەناوی دەسەڵاتی باوکسالاری(Patriarchatherschaft) ئەمەش لە دوای زاراوەی دایکسالاری(Martriarchatherschaft)یەوە پەیدا بووە، بۆیە دەشێت لەناو ئەو دەسەڵاتەدا مرۆڤ شێوازی عەقڵییەتێك بدۆزێتەوە، کە پەیوەندی بە کاراکتەری پیاوانەوە هەبێت، لەگەڵ ئەوەشدا ئەو کاراکتەرە هەمان کاراکتەری منی باڵا(Ego) نییە لای پیاو وەك ئاگری لەپەشێو تێگەیشتووە، بەڵکو کۆمەڵە میکانیزمێك وەك تۆڕێکی چنراو لەو دیوی کۆمەڵگاوە ئەم شێوازە دەسەڵاتانە بەرهەمدەهێنێت بۆ کۆنترۆڵکردنی هەموو تاکێکی ناو کۆمەڵگا لەو فۆرمەدا، کە خۆی دەیەوێت بۆ پاراستنی بەرژەوەندییەکانی، باشترین نمونەش ئایینە!.

لە جێگەیەکی تردا ئاگری دەڵێ: (پەشێو لە پالتۆی کۆمونیزمی ستالینی هاتۆتە دەرەوە، ڕەنگە خوێندنەکەی لە شوورەوی کاریگەری لەم مەسەلەیەدا هەبووبێت). ئا لێرەدا بێئاستی ئاگری لەمەڕ بیرو بۆچوون و ئایدۆلۆژییەتی پەشێودا دەردەکەوێت، کە پەشێو بە کۆمونیزمی ستالینی ناو دەبات، لە کاتێکدا گەورەترین هەڵەو کفریش ئەوەیە پەشێو وەك چەپێك ناو ببرێت، چونکە هەرکەسێك سەرنجی بیرو بۆچوون و قسەکانی پەشێو بدات سەرەڕای تێگەیشتن لە شیعرەکانی هیچ تێنەگات، ئەوەندە تێدەگات، کە پەشێو مرۆڤێکی نەتەوەییەو هەموو بەرژەوەندییە نەتەوەییەکان لای ئەو دەکەونە پێش هەموو شتێکەوە، ئیتر نازانم ئەم پیاوە خوێنەوارە چۆن تێگەیشتووە؟. ڕەنگە بەو پێودانگە تێگەیشتبێت، کە (گا بە گوندا دەناسێتەوە) ئەمەش بەو مانایەی هەرکەسێك لە ڕوسیا خوێندی و لەوێ ژیا ئیتر کۆمونیستە. ئاخر زۆرن ئەو کەسانەی لەبەرامبەر گرووپ و ئایدۆلۆژی جیاوازەوە نیازی گڵاویان هەیە، بەڵام ئەو نیازەیان لە ڕێگای خەڵك و شێوازی ترەوە بە شێوازێکی شەرمنانەی ناڕاستەوخۆ دەردەبڕن، لەو نووسینەی ئاگریشدا، کە پەشێو بووە بە نیشانە ئەو نیازە نا خاوێنەی ئاگری بەرامبەر بە بیری کۆمونیست بەگشتی و ستالین بەتایبەتی زۆر بە زەقی دیارە، بەڵام ئەوەی جێگای پرسیارە لای من، چۆن ئەو نیازە پیسەی تێکەڵ بە جوانی شیعر کرد؟. ئەڵبەتە ئەوەشمان لەبیر نەچێت، کە لە کۆتایی نووسینەکەیدا، کە لە هەموو دێڕەکانی سەمەرەترە دەڵێ: (ئەگەر شێرکۆ بێکەس و سامی مەهدی بە کلیلی حیزبەوە ڕۆشتبنە ناو ماڵی شیعر"کە هەریەکەیان خاوەن حیزبێکی قەومین" ئەوا عەبدوڵا پەشێو موزەفەر النواب هەریەکەیان خۆیان لە بری نەتەوە داناوە). ئەوەی من لە دوا دێڕی نووسینی ئاگریدا تێگەیشتبم ئەوەیە: (پەلاماری پیاوی گەورە بدە با گەورە بیت) بۆیە بەو شێوە دوور لە هەموو پرنسیپێکی نووسین و بە بێ هیچ بەر پرسیارییەك خۆی خستۆتە ناو شەڕێکەوە، کە هیچ پەیوەندییەکی نەك بەوەوە نییە بەڵکو ئەو هێشتا لەسەرەتای فێربوونی ئەلف و بایە لەو شەڕەدا، ئەگینا مرۆڤ هەیە ئەوەندە گەمژەو نەخوێندەوار بێت شاعیرێکی وەك شێرکۆ بێکەس لە ئاست فاشییەکی وەك سامی مەهدی*١ دا دابنێت و پێشمان بڵێت: هەریەکەیان خاوەن حیزبێکی قەومین واتە: سامی مەهدی (بەعس) و شێرکۆ بێکەس (ی ن ك). ئایا چی ویژدانێکی کورد ئەم جۆرە نووسینانە قبوڵ دەکات، جگە لە سایتە کوردییەکان نەبێت؟!.

---

پەراوێزەکان

هەر کۆتایی کەوانەیەك ئەم نیشانەی* لەسەربێت، ئەوە نووسینی نزار ئاگرییە.

*١ سامی مەهدی نووسەرێکی بەعسییە.